# لابردنی گەمارۆی چەك لە سەر توركیا

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com



حكومەتی سویس بە ئەسپایی گەمارۆی سەر ناردن و فرۆشتنی چەكی لابرد لە سەر توركیا ، لە هەمان كاتیشا لیژنەیەكی نهێنیش لە ئەمریكا سەر قاڵی سڕینەوەی ناوی ( مجاهیدی خلق )ن لە لیستی تیرۆریستان ! ئەم گۆڕانكاریانە لە باری هەڕەشە لە ئایندە ، هەروەها لە باری مێژووییەوە سەرقافلەی كۆمەڵێ گۆڕانكاری و پێشهاتە كە سبەی ڕۆژ ئەنجامەكانی لە شەڕو كوشتار و لە گۆڕانكاریە سیاسیەكان دەردەكەوێ ، چونكە بە خوێندنەوەی ئەزموونی تاڵی ناوچەكە لە ڕابردوودا ، بۆمان دەردەكەوێ كە ئەم هەنگاوانە پێش ئەوەی دەلیلی چاوچنۆكی ئابووریانەی بازرگانی چەك یان بەرژەوەندی بێ ، دەلیلی بەهرەی بێ ئەندازەی ئەو دەوڵەتانەیە لە دووڕوویی و لە نیفاقی سیاسی ، كێ هەیە ئینكاری لەوە بكا كە سڕینەوەی ناوی ڕژێمی عێراق لە لیستی تیرۆریستان لە ساڵی 1982 لە لایەن ئیدارەی سەرۆكی ئەوسای ئەمریكا ( ڕۆناڵد ڕێگان ) چ دەرگایەكی لە سوپای عێراق كردەوە شان بە شانی سوپای ئێران 8 ساڵی ڕەبەق قەسابی لە ناوچەكە بكەن ؟

جیهان بە گشتی و ڕۆژ هەڵات ی ناوەڕاست پێویستی بەوە هەیە ، ڕۆڵی میلیتاریزمی لێ بسڕێتەوە ، سەدەی ڕابردوو خوێناویترین سەدەی مێژوو بوو ، وا ئەم سەدە تازەیەش تەنیا بە 5 ساڵ خەریكە وامان لێ دەكات ڕەحمەت بۆ سەدەی ڕابردوو بنێرین ، ڕۆژ هەڵات ی ناوەڕاست لە فوارەی ئاگرێك دەچێ هەرجارەی دەستێكی ڕەش خۆشی دەكاتەوە ، جارێك بزنس و ئابووری چەك فرۆشتن ، جارێك دین جارێكی تر فاشیزم ، كوردستانیش لە كەناری ئەم فوارەدا لە هارمۆنیای تێكەڵ بە خەون ، تێكەڵ بە هەڕەشە بە دیار بەروبومی سیاسەتێك كە سیاسەتی ئەو نییە ، بە دیار تەپڵ لێدان بۆ پڕۆژەیەك كە پڕۆژەی ئەو نییە هەر چاوەڕوانەو هەر چاوەڕوان ...

نەك تەنیا حكومەتی سویس ، بەڵكو هەر دەوڵەتێك لەم دونیایە چەك بنێرێ بۆ ناوچەكە ، شەریكی ئەسڵی تاوانن ، سوپای توركیا شان بە شانی سوپای ئێران و سوریە پێویستیان بەوە نییە چەكیان بۆ بنێرن ، بەڵكو پێوستە چەكیان لێ داماڵدرێ ، ئەزموونی ناوچەكە ، ژمارەی بێ ئەژماری سیڤیلی كوژراو ، گۆڕە بەكۆمەڵەكانی پانایایی بیابانەكان ، نموونەی بەربوومی بازرگانی چەك و سیاسەتی ڕەشی حكومەتە چەك فرۆشەكان و شاكاری ژەنەراڵە كرپارەكانە .